شاندێکی یەکێتیی لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم تاوتوێکرد

شاندێکی یەکێتیی بە سەرکایەتی قوباد تاڵەبانی لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم تاوتوێکرد.

دوا ینیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە 28ـی تشرینی دووەمی 2024، سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەئامادەبوونی شاندێکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و سەرکردایەتی یەکگرتوو، پێشوازیی کرد لە شاندێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکایەتی قوباد تاڵەبانی و شاندی یاوەری.

لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیان لەبارەی پێوەندییەکانی نێوانیان و دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و ئامادەکارییەکانی قۆناغی پاش هەڵبژاردن کرا.

لە بەشێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە قۆناغی دوای هەڵبژاردن، هەردوولا باسیان لەسەر گرنگی پێکهێنانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای خزمەتکردنی باشتری هاوڵاتیان لە ڕێی دەرکردن و هەمووارکردنی یاساو ڕێنماییەکان، بە ئەو مەبەستەش جەخت لە پێویستی گرتنەبەری هەنگاوی کردەیی باشتر کرایەوە کە بژێوی هاوڵاتیان و خزمەتکردنیان بکرێتە لەپێشینەی کارەکانی داهاتوو، ئەوەش بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی هاوبەشی هەردوولا.